# چۆن فێری دزی دەبێت و چۆن چارەسەری دەکرێت

جەلال خەڵەف ژاڵەیی

دزیو درۆزنیو گزی ، هەرسێکیان دژی سیفەتی دەست پاکینو ، هەرسێکیان منداڵ لە کۆمەڵدا فێریان دەبێتو ، لە سکی دایکیوە نایان هێنێتە جیهانەوە .

گرنگی دانی دەروون زانەکان ، بە لێتۆژینەوەی دزی منداڵ ، زیاتر لەبەر ئەوەیە ، گوناهێکی کۆمەڵایەتی ترسناکە ، چونکە ئەمیشو درۆکردنیشو دەست درێژیو (ئابروو بردن — التشنیع)یش ، هەر چواریان گوناهی کۆمەڵایەتین ، واتا : وەکو : جگەرەکێشانو مەی نۆشین نین ، کە گوناهی تایبەتینو زیاتر زیان بە جگەرەکێشەکەو مەی نۆشەکە دەگەیەنن ، زۆر کەمتر زیان بەکەسانی دیکە دەگەیەنن ، لەلایەن ئەوانەوە .

دزیکردن وەکو : سیفەتێکی دەستکەوت ، هەموو منداڵێك بێ جیاوازی رەنگی پێستو رەنگی چاوو ، جۆری نەتەوەو خاك ، دەگونجێت فێری ببێت ، بەڵام مەرج نیە هەموویان بەیەك رادەو ، وەکو یەك ، فێری ببن ، ئەگەر هەلیان بۆ برەخسێت ، چونکە چەند کارکەرێك هەن ، یارمەتی منداڵ دەدەن ، فێری بێت ، ئەگەر ئارەزوی لە فێربوونی بێت ، ئەو کار کەرانەش هەندێکیان ژیرین ، وەکو : زیرەکی ، تیژ تێبینیو ، هەندێکیشیان لەشین ، وەکو : لەش سوکی ، لەش بەهێزی ، تیژ تێپەری ، هەست هەڵگری چاو تیژی ، روو خۆشی ، دەم تەری ، زوبان لوسی ، چونکە ئەم سیفاتانە زۆر جار دەبنە هۆی توانا پەیدا کردن لە دزی نانەوەدا لە خەڵکی هەڵفریواندندا لەشت فراندندا . . هتد . .

لە ژیانا لەوە ناخۆشتر نیە ، مرۆڤێك بێ رەوا تووشی تاوان بکەیتو بەناپاکی تاوانبار بکرێت ، دیمەنی ئەو منداڵە قوتابی یەی لە پۆلدا لەبەر چاوی هەموو قوتابی یەکان گیرفانەکانی بپشکێنرێ ، شتە وونبووەکەی لە گیرفاندا بدۆزرێتەوەو ، لەناو هاورێکانیدا ، بشکێنرێت ، دیمەنێکی تاوانکاری یە ، چونکە منداڵ تاوانبارکردن ، بەبێ بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوە ، لەخۆیدا تاوانە ، ئەمجا شێوەو جۆری دۆزینەوەی دزو دەست نیشانکردنی ئاوەها نابێت !

لەبیرم ناچێت کەرەتێك منداڵێك پارەیەکی کەمی دزی بوو ، کە بانگم کرد — هەر هەردوکمان بوین — دانی پێداناو ، پارەکەشی گێرایەوە ، بۆ خاوەنەکەی ، بەمەرجێك ناوی نەزرێت ، بەمەرجێك ئەویش تەرکی کات !

ئەمجا پێش ئەوەی ئێمە منداڵ بەدزی تاوانبارکەین ،

پێویستە جارێ بزانین : دزە یانا ؟ ئەگەر دزە ، بۆچی دزی کردووە ؟ تەنها جارێك دزی کردووە ، یان چەند جارێك ؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بزانین ، دەبێت پێش هەموو شتێك ، پێکەرو هۆکانی دزی بزانین ، ئەوجا دەتوانین ڕێگەیەکی راست بگرین لە دەست نیشانکردنو چارەسەرکردنی دزی منداڵدا .

**جۆرەکانی پێکەری دزی منداڵ**

١ — نەزانی : کاتی وا هەیە منداڵ شتێك دەدزێت ، یان شتێك داگیر دەکات ، هۆی ئەوەیە مانای (مڵکایەت)ی نازانێت ، نازانێت مانای شتی خۆی چی‌یەو شتی کەسانی دیکە چی‌یە ، هەموو شتێکی جوان بە هی‌ی خۆی دەزانێت .

بۆ نموونە : ئێوارەیەك خێزانێك دەبنە میوانی خێزانێکی دراوسێیان منداڵێکی تەمەن (٣) سێ ساڵیان لەگەڵ دەبێت ، کابرای خانەخۆی چەرخێکی (غازی) جوان لەبەردەمیا دادەنێت ، لەپڕ چەرخەکە نامێنێت ، گەلێك دەگەڕێن ، نای دۆزنەوە ، دوای شێوانێکی درەنگ میوانەکان دەگەڕێنەوە ، بۆ ماڵی خۆیان ، کە دەگەنە ماڵ دایکی منداڵەکە ، جانتا دەستی‌یەکەی دەکاتەوە ، تەماشا دەکات چەرخەکەی لەناو دایە .

بەم منداڵە ناووترێت دز ، چونکە (ئەقڵی) پێ نەشکاوە ، هەرچەند جوانی‌و ئەنتیکەیی چەرخەکە سەرنجی ڕاکێشاوە .

٢ — نەبوونی : نەبوونی وا لە منداڵ دەکات کە خواردن بدزێت ، یان پارە بدزێت ، بۆ ئەوەی (نوقڵی) پێ بکڕێت ، یان یاری‌یەکی پێ بکڕێت ، کە ئەو نی‌یەتی .

٣—تۆڵە : هەندێ جار منداڵ دزی لە کەسێك دەکات ، ڕکی لێی بێتەوە ، وەکو : ئەوەی خەوتنانێك ، دایکێك لە ترسی دز ، خشڵە زێڕینەکانی ، لەژێر سەریدا دەشارێتەوە ، ئەوجا دەخەوێت ، کە بەیانی لەخەو بێدار دەبێتەوە ، تەماشا دەکات زێڕەکانی دزراوون ، لەپڕ هاواری لێ بەرزدەبێتەوە ، ماوەیەکی زۆر لەخۆی دەدات‌و سەرو گوێلاکی خۆی دەڕنێتەوە ، ئەوجا



منداڵەکەی ، دەڵێت : خۆمن دزیومە ، کە لێی دەپرسن ئەم دزی‌یەت بۆ کردووە ؟ لە وەڵامدا دەڵێت : ئەی بۆچی برا بچوکەکەمی لەمن خۆشتر دەوێت ! !

دزی تۆڵەسەندن لە نێو هۆزە سەرەتایی‌یەکاندا ، زۆر باوبووە ، کابرا دز نەبووە ، بەڵام دزی لە کەسێك کردووە ، کە ڕکی لێی بۆتەوە ، یان مافێکی لای بووە ، دادگا بۆی نەسەندوە ، یان بەدرەنگ سەندویەتی ، یان داگیرکارەکە دەستەڵاتدار بووە ، ئەم نەی وێراوە بەئاشکرا داوای بکات .

کاتی وا هەبووە تۆڵەسەندنەکە شێوەیەکی دیکەی گرتووە ، ماف داگیرکراوەکە بەداگیرکارەکەی نەوێراوە ، ئەمیش کلکی کەری بڕیوە ، یان ڕەزو باخی شەوان بەنهێنی داپاچیوە .

٤ – زەین کوێری : منداڵی دزی وا هەیە ، لەبەر دەبەنگیو ساویلکەیی خۆی ، دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی کەسانی دزەوەو ، بۆخۆیان دزی پێدەکەنو گرفانی پێدەبڕن .

بۆ نموونە : ساڵی ١٩٨٠ کابرایەکی دەوڵەمەند لە گەڕەکی هەوارە بەرزە ، کوڕێکی ساویلکەی کەم (ئەقڵی) هەبوو ، بەدەسیسەی منداڵێکی گەورەتر (٨٠٠) دیناری لە باوکی دزیبوو ، بەرەو پایتەخت کەوتبوونە ڕێگە .

٥ – هەست بەکەسەری : هەندێ منداڵ هەن بۆیە دزی دەکەن ، چونکە (هەست بەکەسەری – الشعور بالنقص) دەکەن ، دەیانەوێت ، ئەو کەمی یەی پێ پڕکەنەوەو ، دەیکەنە جۆرە بەرتێلێك پلەو پایەی خۆیانی ، لای هاوڕێکانیان پێ بەرزدەکەنەوە .

٦ – ئارەزوو تێرکردن : هەندێ منداڵ کەو بازن ، یان کۆتر بازن ، چۆلەکەو کەناری بازن ، دەبینین ، ئەم مەلانە دەدەزن ، یان کەڵەشێر دەدەزن ، یان باسکیل دەدزن ، چونکە نیانەو حەز لە لێخوڕینی دەکەن .

٧ – گەشەکردن لەبن باڵی باوکێکی دزدا : باوكو دایکی دز پێکەرێکی دیکەنو منداڵەکانیان فێری دزی دەبن ، چونکە چاو لەوان دەکەن ، هەروەها منداڵی ئەو کەسانەی یان ئەو هۆزو تیرانەی ، دزی کردن بەئازاییو کەڵە مێردی دادەنێن ، فێری دزی دەبن ، هەروەها منداڵی ئەو دوکاندارو فرۆشیارو سەوداکارانەی ، شتومەك بەزیاتر لە نرخی خۆی دەفرۆشنو دزی دەکەنو بەکەسابەتی لە قەڵەم دەدەنو بەحەلاڵی دادەنەن ، فێری دزی دەبن ، کە گەورەش بوون ڕێگرو جەردەو دز دەبن .

٨ – نەخۆشی دەروونی : زیاندارترینو ترسناکترین دزی منداڵ ئەو دزی کردنەیە ، نەخۆشی دەروونی ، یان نەخۆشی زیری بەمنداڵی دەکەن .

## چارەسەری دزی منداڵ

بیجگە لەم پێکەرانە چەند پێکەرێکی دزی دیکەش هەن ، بەڵام گرنگ ئەوە نیە ، تەنها پێکەرەکانی دزی منداڵ بزانین ، بەڵکو لەوە گرنگتر ئەوەیە ، کەسی منداڵ بەتایبەتی دایكو باوکی ، هەڵوێستیان چۆن بێت ، ئەگەر منداڵەکەیان دزی کرد ؟ ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە منداڵی یەکێکمان دزی کرد ، پێویستە بەهەر کلۆجێك بێت بزانین هۆکەی چی یە ؟ نەفامی یە ، برسێتی یە ، چاولێکەری یە ، گێلی یە ، لەبەرچی یە ؟

کە هۆکەیمان دۆزی یەوە ، ئەو کاتە چارەسەری ئاسانە ، بۆ ئەم چارەسەرەش ، دەروون زانەکان ، چەند چارەسەرێکیاز بۆداناوە :

١ – باشترینیان ئەوەیە ، کە کەسو کاری منداڵ ، نەیەڵن فێری دزی ببێت ، بۆ ئەمەش پێویستە لەسەر ئەمخاڵانە بڕۆن :

١ – ١ – پێویستە دەوروبەرێکی پڕ سۆزو خۆشەویستی بۆ منداڵ دروست بکەین ، بۆ ئەوەی هەست بەگەرمو نەرمی گۆڕینەوەی سۆزو خۆشەویستی بکات .

ئەمیش بەپێکهێنانی ماڵو خێزانێکی پڕ ئارامو بێ ئاژاوە پەیدادە بێت .

٢ – ١ – منداڵ بەرووتیو سکی برسی نەهێڵینەوە ، هەمیشە تێرو پڕیان کەینو ، پۆشتەو پەرداخ ڕایان گرین .

٣ – ١ – نەهێڵین منداڵ لەو ڕێکخراوانەدا ڕێك بخرێنو وەرگێرین ، کە لە دوارۆژدا ، تووشی لابەلاییو سزایو یژدانو گیروگرفتی دەروونی دەکەن ، بەڵکو هەوڵ بدەین لە باشترین کۆمەڵداو پیرۆزترین ڕێکخراودا ، بچەسپێن ، بۆ ئەوەی هەست بە بەرەڵاییو بێکەسی نەکەن .

٤ – ١ – پێویستە دەستکاری شتو مەکی نەکەینو نەیەڵین منداڵانی دیکە شتو مەکی لێ داگیر بکەن ، نەیەڵین

یاری‌و شت‌و مه‌کی خوشك‌و براکانی داگیر بکات ، ئه‌گه‌ر هات‌و داگیری کرد به قسه‌ی خۆش لێی وه‌رگرینه‌وه‌و ، تێی بگه‌یه‌نین که ئه‌مه یاری ئه‌و نیه‌و ، هینی که‌سێکی دیکه‌یه ، بۆ ئه‌وه‌ی مانای ملکایه‌تی تێ‌بگه‌یه‌نین ، پێویسته جل‌و به‌رگی تایبه‌تی خۆی هه‌بێت ، شوێنی خه‌وتنی تایبه‌تی خۆی هه‌بێت ، قاپ‌و که‌وچك‌و چه‌تاڵی تایبه‌تی خۆی هه‌بێت ، ده‌سته‌سری (خاولی) تایبه‌تی خۆی هه‌بێت ، ئه‌گه‌ر ڕه‌نگی شت‌و مه‌که‌کانی هه‌ر منداڵه‌و جۆرێك بێت ، ئه‌وه باشتره ، گرنگ ئه‌وه‌یه به‌نیشانه‌یه‌ك بناسرێنه‌وه .

هه‌ندێ جار منداڵی وورد ، ده‌بینێت ئه‌و منداڵانه‌ی له‌خۆی گه‌وره‌ترن‌و هات‌و چۆی قوتابخانه ده‌که‌ن ، جانتاو جل‌و به‌رگی قوتابخانه‌یان بۆ ده‌کڕن ، په‌رتووك‌و په‌ڕاوی تازه وه‌رده‌گرن ، ئه‌میش ووڕ ده‌گرێت‌و داوایان ده‌کات ، باش وایه ئه‌ویش لای که‌می جانتایه‌کی کۆنی بۆ پڕ له په‌رتووك‌و په‌ڕاوی کۆن بکرێت ، جلێکی قوتابخانه‌ی هه‌بێت ، بۆ ئه‌وه‌ی شت‌و مه‌کی قوتابخانه‌ی منداڵه گه‌وره‌کان داگیر نه‌کات .

که‌س‌و کاری منداڵ ده‌توانن وورده وورده فێری ئاڵووگۆڕو هه‌ره وه‌زی‌و بیرکردنه‌وه‌ی سۆشیالیستی بکه‌ن ، به‌کڕینی جۆره یاری‌یه‌ك – که گه‌وره‌تربوون – بۆ هه‌موو منداڵه‌کان ، ڕایان بێنن له‌سه‌ر بیرکردنه‌وه‌ی سۆشیالیستی‌و به‌شداری‌و ، دووریان بخه‌نه‌وه له خۆپه‌رستی‌و ، ئاراسته‌یان‌که‌ن به‌ره‌و خۆنه‌په‌رستی . له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا که‌س‌و کاری منداڵ زۆر که‌ڕه‌ت ده‌یان بینێت ، ده‌که‌ونه مشت‌و مڕه‌وه‌و ، به‌ربه‌ره‌کانی یه‌ك ده‌که‌ن ، چاك وایه وازیان لێ‌بهێنن ، با خۆیان له نێو خۆیاندا ڕێ بکه‌وون ، ئه‌گینا پێویسته به‌شێوه‌یه‌کی یه‌کسانی ته‌ماشا بکرێن (فه‌زلی) که‌سیان به‌سه‌ر که‌سیاندا نه‌درێت .

٥ – ١ – ئه‌گه‌ر هات منداڵه‌که‌ت دزی کرد ، نابێت تاوانباری که‌یت‌و ناوو ناتۆره‌ی دزی‌و جه‌رده‌یی لێ بنه‌یت ، به‌ڵکو ده‌بێت به قسه‌ی خۆش‌و نه‌رم‌و نیانی په‌شیمانی که‌یته‌وه .

٦ – ١ – نه‌خه‌ڵه‌تێت گه‌مه‌و یاری له منداڵه‌که‌ت قه‌ده‌غه که‌یت ، یان له وه‌رزش‌و ئاواز ژه‌نی‌و وێنه‌کێشی دوریان خه‌یته‌وه ، ئه‌گه‌ر ئاره‌زوی له‌مانه هه‌بوو ، چونکه ئه‌م ئاره‌زو بازیانه ده‌بنه (ووزکیش – منفذ)ێك ، ئه‌و ووزه به هێزانه‌ی که له‌شی له گه‌وره‌بووندا به‌کاری ناهێنێت ، لێوه‌ی دێته ده‌ره‌وه .

٢ – گه‌شه پێدانی ڕه‌ووشتی ده‌ست پاکی : بۆ ئه‌مه‌ش پێویسته له‌سه‌ر ئه‌مخاڵانه بڕۆین :

١ – ٢ – ته‌رخان‌کردنی دۆڵابێك ، ئه‌گه‌ر نه‌بوو خانێکی ، لای که‌می چه‌کمه‌جه‌ی مێزێك ، یان کۆمێدی‌یه‌ك ، بۆ منداڵه‌که‌ت ، بۆ ئه‌وه‌ی شت‌و مه‌که تایبه‌تی‌یه‌کانی تێیدا بپارێزێت .

٢- ٢-بڕینه‌وه‌ی ڕۆژانه‌یه‌ك به‌گوێره‌ی ده‌ست ڕۆین‌و ته‌مه‌ن‌و قۆناخی خوێندن ، وده‌وروبه‌ری کۆمه‌ڵایه‌تی منداڵه‌که ، پێویسته .

٣ – ٢ – ده‌رکه‌وتووه ، منداڵ دزی له‌و که‌سه ناکات که خۆشی ده‌وێت ، ئه‌مجا مادام وایه پێویسته منداڵ بلاوێنرێت‌و بدوێنرێت‌و ڕوی گه‌ش‌و پڕ سۆزو خۆشه‌ویستی بدرێتێ ، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌ویش پشت به‌خۆی ببه‌ستێت‌و باوه‌ڕی به خۆی هه‌بێت‌و سیفه‌تی ده‌ست‌پاکی تێدا بڕوێنرێت .

٤ – ٢ – وه‌کو ووتمان منداڵ شکاندن‌و سه‌رزه‌نشت کردنی‌و مشت ومڕ له‌گه‌ڵ کردنی له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که له ده‌ستی ده‌رچووه‌و دزی‌یه‌کی کردووه سیفه‌تی ده‌ست پیسی‌و دزی کردنی تێدا ، ده‌ڕسکێنێت .

**گرنگترین سه‌رچاوه‌کان :**


١ – مشاكل أطفالنا النفسية – تأليف د/ ملاك جرجس
من منشورات مجلة – روز اليوسف المصرية سنة ١٩٧٣

٢ – العلاج النفسي – تأليف – د/ عبدالرحمن العيسوى – الناشر دار الفكرى الجامعى سنة ١٩٧٩ .

٣ – گه‌شه‌ی منداڵ‌و گیروگرفته‌کانی له قۆناغی شیره‌خۆریدا – نوسینی جه‌لال خه‌ڵه‌ف ژاڵه‌یی – چاپخانه‌ی (دار آفاق عربية) چاپی یه‌که‌م ١٩٨٤ .

٤ – چه‌ند سه‌رچاوه‌یه‌کی دیکه .